

ئەحمەدی مەلا

# کتێبەکەی رابردوو

## کورتە چیرۆک





بە تەواویی نایەتەوە یادم کەی بوو، بەڵام دەزانم دانی ئێوارە بوو، زەوی شێدار و تا رادەیەکیش گەرم بوو، خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، سێبەرەکان درێژ دەبوونەوە و لەسەر خۆ رەنگی شت و بەرجەستەکانیش دەگۆڕان. منیش تازە لە ماڵ دەردەچووم، ریشم نەتاشیبوو، جانتایەکم پێ بوو. عادەتم پێوەی گرتبوو، دەبوو لە چوونە دەرەوە لەگەڵم بێ، دەمێکیش بوو نەمکردبووەوە، کەم تا زۆر دەمزانی چی تیایە، هیچ شتێکی سوودبەخشی تیا نەبوو لە شەبقەیەک زیاتر کە لە بازاڕی کۆنە کڕیبووم، فلیمێکی دەهێنایەوە یادم بە منداڵی بینیبووم. جا نازانم وا بوو یا نا! کاتێ گەیشتمە سووچی جادەکە، خۆر ئاوا بووبوو، باڵندەکان پەرکەمیان گرتبوو، دەیانویست بگەڕێنە کولانەی نێو درەختەکانیان. ئێوارە دڵەخورپە دەخاتە نێو دڵی سەرجەم باڵندە و جانەوەر و ئاژەڵانەوە. گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی سروشتە و ئەم گۆڕانکارییەش دەبێتە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ. ئەمە لای هەندێک لە مرۆڤەکانیش روو دەدات، بە تایبەتی ئەوانەی خۆیان بە ئاژەڵدارییەوە خەریک دەکەن.

هەستم کرد هەوا تا دێ شێدارتر دەبێ، تەنانەت گەردۆکەی نمە لە سەر روخسارم دەنیشتن. ناوبەناو دەستم بۆ گیرفانی پانتۆڵەکەم دەبرد و دەسەسڕەکەم دەردەهێنا تا دەموچاومی پێ بسڕمەوە، لە پڕێکدا هەستم کرد شتێک لە ناو جانتاکەم دەجولێتەوە. زۆرم لە لا سەیر بوو، چونکە دەمێک بوو جانتاکەم نەکردبووەوە و کردنەوە و داخستنیشی بە زریزە بوو، بۆیە هەندەی دیکە نیگەرانی کردم. چەند کەسێکم بینی سەیوانیان هەڵکردبوو، دیار بوو نمەی شێ بێزاریان دەکا و نمەکان یەکیان دەگرت و بە لێواری سەیوانەکاندا وەک دڵۆپە ئاوی رەش دەکەتنە سەر عەردە شێدارەکە، هەندێک پێڵاوەکانیان

بریقەی دەهات، هەندێک موشەمایان لەبەر کردبوو، هەندێک خێرا خێرا شەقاویان دەهاوێشت و لە سەر شۆستەکانەوە دەچوونە سەر شەقامەکە و بە پێچەوانەشەوە.

شتەکەی ناو جانتاکەم بە دەعبایەکی دەکرد، نازانم چی بڵێم، دەتگوت ژیژکە، دڕکەکانی لە جانتاکەوە دەرچووبوون و بەر رانم دەکەوتن، تووشی خورانیان دەکرد. لە سەر پێستی لووتم شێیەکی زۆر کۆبووبوونەوە، تەواو بێزاریان کردبووم .باشە ژیژک چۆن گەیشتۆتە ناو ئەم جانتایە. ماڵێ ئێمە لە ناو شارە و هەمیشە جانتاکەم لەسەر رەفەکە دادەنێم!

پاسەکە تێپەڕی، سواری نەبووم. ژنێکی قەڵەو بە تەنیشتمدا تێپەڕێ و گوتی «بای»، لەولاترەوە جەمەدانی لەسەرێک بە خێرایی، بگرە زۆر پەشۆکاو بوو، بە هەڵەداوان رای دەکرد و لە ژێر لێوەوە دەیگوت «تمام شد»، مێردمنداڵێک شتێکی بە دەستەوە بوو، فۆرمێکی لاکێشەیی هەبوو دەنگی یابانی دەردەکرد، ئەویش پێدەکەنی. پیاوێک بە جلوبەرگی بانقەوە، باڵابەرز، ئەویش جانتایەکی بە دەستەوە بوو، قیت قیت دەڕۆیشت، هەر هەنگاوێکی بەقەدەر دوو هەنگاوی من دەبوو. گەیشتە تەنیشتم و جانتاکەی هەڵگرت و بە پەلاپیتکە یەک دوو جار بە پەنجە لێی دا.

ئۆتۆمبیلێکی بێ جام تێپەڕی. پەنجەرەی نەبوو، فلچەی جامەکەی زۆر بە خێرایی ئیشی دەکرد.

لا رانێکم سوور بووبووەوە، دەستم بۆی برد، خوێنێکی گەش تێکەڵی شێیەکە دەبوو، لینج بوو. ئازارێکی تیژ لە رانمەوە بۆ قورگم بەرزدەبووەوە. بە زمانم شێی سەر لێوم خڕ دەکردەوە، تامێکی تایبەتی هەبوو، وەکو ئاوی دوکەڵ وا بوو، بەڵام تەڕایی بە قورگم دەبەخشی. ئاگام لە خۆم نەما..گەیشتبوومە قەراغ شار. کێڵگەکان دەردەکەوتن، خورەی ئاوی جۆگەلەکان دەهات، قیرەی بۆق بەرزدەبووەوە، باڵندەی شەو دەفڕین. لە رێگا لام دا، بە ناو گڵە تەڕبووەکاندا هەنگاوم دەنا. تەواو لە شار دوورکەوتمەوە. تەمێک سروشتی داپۆشیبوو. لایەکی ئاسمان نارنجی بوو. گوێم لە دەنگی سروشت راگرت...دڵم لێی دەدا، خێرا لێی دەدا، برینی رانم هێور ببووەوە...دەعبای ناو جانتاکەم کڕ ببووەوە. لە ناو کێڵگەکە دانیشتم و جانتاکەم خستە سەر کۆشم و زریزەکەم کردەوە و تەنها کتێبێکی تیا بوو، کتێبێکی ئەستوور، بە خەتی کوفی لەسەری نووسرا بوو، دەرزیلەیەک لە پشتی بەرگەیەکەوە دەرچوو بوو و پارچە کاغەزێکی نووساندبووە سەر بەرگەکەی و لێی نووسرا بوو «رابردوو»..کاغەزەکەم لێکردەوە و نووشتاندمەوە و کتێبەکەم بە دەستەوە گرت و تا هێزم تیا بوو فڕێم دایە ناو کێڵگەکە...

